# مؤنؤمنتمك لة هؤلَةنداوة بؤ هةلَةبجة و ثيَنج هةزار شةهيدةكةي ... ساسان دةرويش



يادو يادەوەريەكانى كارەساتى هە ڵەبجەى شەهيدوكيمياباران، هەموو ساڵێك بە كۆمەڵێك بەڵێن و ووتارى جۆراوجۆرى بريقەدارى ناوهۆڵەكان ودروشمى ڕەنگاورەنگى رووپەڕى ڕۆژنامەكان لەگەڵ كۆمەڵێك خەرجى زۆر بۆيان كۆتاى پێ دێنن، تاساڵێكى ترومۆمێكى ترى تەمەن لە خەرمانى خەمى هەڵەبجە. بەبێ ئەوەى لەو بڕەخە رجيەئاورێك لە ئاوەدان كردنەوەو بوژاندنەوەى هەڵەبجەى كاولكارو وێران بدەنەوە، ئەوەى ئەوترێ هەموو ساڵێك بەرامبەر كەس وكارى شەهيدانى هەڵەبجە، هيچى برناكات لەدواى كۆتاى هێنان بەسنوورى هەڵەبجە وگەڕانەوەيان، هە موويان بير ئەچێتە وە. ساڵى ڕابردووش هەڵەبجە يان كردبووە كارتێكى باش بۆ بەشدارى كردن لە هەڵبژاردنى پەرلەمانى عێراق، كەسانێك هەبوون پەيمانى ئەوەيان بەهەڵەبجە دابوو كە عەلى كيمياوى دەبەن بۆ هەڵەبجەولەوێ دادگاى دە كرێ، لە گەڵ ئەوهەموو بەڵێ نانە، يادكردنەوەى (17) هەمين ساڵڕۆژى قوربانيەكانى هەڵەبجەلە 2005 خۆش بەختانەلەدەرەوەى كوردستان ولەووڵاتى هۆڵەندائەم يادە سنوورى بەڵێنەكانى بەزاندوبەكردەوەيادەكەيان بەرزوزيندو ڕاگرت، بەهاوكارى (چاك) واتە ناوەندى هەڵەبجەدژبەئەنفالكردن وجينۆسايدى گەلى كورد، لە شارى ئەمستردام پايتەختى هۆڵەنداله گۆڕەپانى Leidseplein مەراسيمێكى شايستەيان بۆيادى قوربانيانى كارەساتى هەڵەبجە ڕێك خست لە ژێر ناونيشانى باهەمووتان بەهەموو ڕەنگەكانەوەلەژێرجامانەكەى عومەرى خاوەر كۆببنەوەوبەشداريتان پشتگيرى بێ لەدادگايى كردنى قاچاخچى چەكى كيمياوى (فرانس ڤان ئە نرات) كە ئێستالە زيندانداىەولە بەرامبەر لێكۆڵينەوە كاندايەبۆ دانان بەتاوانى هاوكارى كردنى ڕژێمى سەدامى لەناوچوو. چەندين ووتارى سياسى وپەرلەمانتاران وپارتەسياسيەكانى هۆڵەندى وكوردستانى ودۆستانى كورد خوێندرايەوە،



جگەلەشيعرومۆسيقاوگۆرانى، لە هەموويان زياتر كە سەرنج ڕاكێش بوو مۆنۆمێنتى هەڵەبجە بوو كە لە قەبارەدا زۆر گەورەبووكە هاتە شوێنەكە بەدەست وپەنجەى هونەرمەندى لاو پشكۆ عە باس دروستكرابوو كەباسى لە ڕووداوەكانى هەڵەبجەوئەنفال دەكردبە بەرزى 2، 30م وەپانى 90سم كە هاتە نيشاندان و لە لايەن بەڕێزان ئەندامى پەرلەمانى هۆڵەندى لە سەرليستى پارتى سۆسياليستى هۆڵەندى Krista van velzen (sp) وبە ڕێزئەمير قادرئەندامى دەستەى بەڕێوەبردنى ناوەندى هەڵەبجە لە هۆڵەندا، پەردەلەسەرمۆنۆمێنتە كە لابرا، وەهەروەها ئەوەى جێگاى خۆشحاڵى هەمووڵايەكمان بووبەتايبەتى كەس وكارى شەهيدانى

قوربانیانی هەڵەبجە، دادگای کردنی بازرگانی هۆڵەندی فرانس ڤان ئەنرات بوو کە ماوەیەکی ئێجگارزۆر بوو کە لەلایەن ناوەندی هەڵەبجەئەم تاوانبارەخرایە بەردەم لێکۆڵینەوە بەهاوکاری پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی. بۆیە 2005/3/18 لەشاری ڕۆتردام ی هۆڵەندی تاوانباری ناوبراوهاتە دادگای کردن. بەئامادەبوونی بەشێک لە ڕەوەندی کوردلە هۆڵە ندا بەهەمان شێوە ئەو مۆنۆمێنتە گەورەیەلە لایەن هونەرمەندپشکۆوە هێنرابووە بەردەمی دادگای ڕۆتردام کە تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات ی لێ دادگایی دەکرێ، ئەورۆژەهەرچی لەوێ وەبرۆیشتایەئەم پەیکەرەسەرنجی ڕادەکێشاوسەیرێکی ئەوگردبوونەوەیەی خەڵکی کوردی دەکردلەبەردەم دادگا، کە دەیان زانی ئەورۆژە کێشەیەکی گەورەتاوتوێ ئەکرێ لەیەکێ




لەهۆڵەکانی دا، بۆ ئەرک وماندووبوون و دڵسۆزی ئەم هونەرمەندەبێ نیازە ئەم چە ندووشە یەمان بۆکردە دیاری وئەمەش بەشێکەلەژیان وچالاکیەکانی:-

هونەرمەند پشکۆ عەباس تۆفیق لە دایک بووی ساڵی 1966 لە شاری سلێمانی وده رچووی پە یمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە بەشی پە یکە ر سازی، ئەم هونەرمەندە بەهرەمەندە خاوەنی چەندین کاری

هونەری جوان و سەرنج ڕاکێشە کە چەندین پێشانگای تایبەت وهاوبەشی لەشاری سلێمانی کردۆتەوەکەلە



دواپێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی لەساڵی 1986 بوو کە بووە جێگای سەرنجی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەو کاتە و ویستیان بە بیانووی هونەرەکەیەوە دەست گیری بکەن، بە ڵام خۆش بەختانە هەڵ هاتووە لە دەستی دڕندانەیان وناچار بووە کوردستان جێ هێڵی و بگاتە وڵاتی ئیتالیا چونکە لەوکاتە داچەندین هاوڕێ ی پەیمانگای لەزیندانە تاریک وتەسکەکانی ڕژێمدا ئەیان ناڵاند بە بێ ئەوە ی دەنگیان بەهیچ کەس بگات لە بەر ئە وەی لە هونەرە کانیاندا هە ڵوێست بەدی کراوە، بەگەیشتنی بۆ ئیتالیا خۆشەویستی بۆ هونەرەکەی و قاڵ بوونی لە کوردایەتی و جۆش دانی بۆ کارێکی هونەری گەورەبۆ هە ڵەبجە ی شەهید وای لێ کرد پێشانگایەکی تایبەت بکاتەوە لەگەڵ کردنەوەی دە نگێکی گەورەی دایەوە و هورەیەکی باشی دا بە کوردە ئاوارەکانی دوورە وڵات کە بووە هۆی ئاگادارکردنەوەی ڕژێم لەکارێکی هونەری وا گەورە، بۆیە لە ڕێگای باڵێوزخانەی عێراق لەئیتالیالە ناو هۆڵی پێشانگاکە دا دەست گیری دەکە ن وبەبەندی ڕەوانەی زیندانە تاریک و ئەشکەنجە ئامێزەکانی عێراقی دەکەنەوە، بەمەش چەندین کاری هونەری دەفەوتێ، دواتر لەبڕیارێکی ڕژێمدا ئازاد دەکرێ و لەدوای ڕاپەڕین جارێکی تر بە رەو هۆڵەندادێ ودەست دەکاتەوە بە کارە هونەریەکانی لەپێش برکێ یەکداکە 28 هونەرمەند بەشداریان تێداکرد لە شاری هایلۆکارەهونەریەکەی هونەرمەند دەرچوو بە یەکەم

وئێستالەناوەندی شاری هایلۆلە جێگایەکی شایستە هەڵواسراوە، کەبریتی یە لە ئافرەتێکی کوردبەجلی کوردی یەوە کە کۆرپەکەی لە کۆڵیدایە و خەریکی کارکردنە، ئەم کارەش لە لایەن لێپر سراوی یەکێ لەپارتە دیموکراتیە خوازەکانی هۆڵەندا پەردەی لە سەرلابرا کە کارەکە ش بەم شێوەیەبوو3، 80 پانی و 2، 80 بەرزی قورسی یە کەشی 6 تەن بووە، هەروەها جگە لە پەیکەرسازی سەرقا ڵیشە بەنەخشاندنی تابلۆی جۆراوجۆری سروشتی کوردستان وکارەساتەکانی کە تابلۆ یەکی گرنگی بە ناوی میللەتی کوردەوەپێشکەش بە سەرۆکی شارە وانی شاری هایلۆ کردوە بە بەڕێزAnne hanstra کە ئێستا لەژوورەکەیدایە و شانازیەکی گەررەیە بۆ کورد، وەهەروەها هونەرمەند توانیویەتی تائێستاشەش پێشانگای تایبەتی بکاتەوە لە شاری هایلۆو ئەلکماری هۆڵەندا، دواکاریشی پەیکەری دەنگی هەڵبجەوئەنفال بوولەساڵی2005 .

